کارینا ... رۆمانکی نوێی نووسەر: نیهاد جامی

ئەم ڕۆمانە بە یەکمینجار لەڕوی بڵاو دەبێتەوە...

بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە کلیکی ئێرە بکەن .....

گفتوگۆ لەگەڵ سمکۆ محەمەد – بەشی 4- ...ئامادەکردنی: عەباس جەمیل جەماو

سمکۆ محەمەد: جیاوازی جگە لەوەی ململانێی چینایەتییە، گەمەی حاڵەتەکانیشە.

ئامادەکردنی: عەباس جەمیل جەماو
بەشی 4

سمکۆ محەمەد نووسەر و روناکبیر لەم بەشەی زنجیرە چاوپێکەوتنەکەیدا دەربارەی چەمکی جیاوازی و رخنە قسەدەکات و پێی وایە، جیاوازی پشت بەعەقڵگەرایی دەبەستێت و بۆ قبوڵکردن و نەمانی فکری شمولی و کۆنکریتی بوو، بۆیە هەر گرووپ و ئایدیایەکیش بەبێ عەقڵ ئەم چەمکە قبوڵ بکات، تەمەنی کورت دەبێت.
دەقی گفتوگۆکە

پرسیار: یەکێ لە گرفتە هەروە گەورەکانی مرۆڤایەتی کەمی گفتوگۆی فیکریە، لەسەر بنەماکانی چەمکی رەخنە و جیاوازی، زۆر کەس ئەم تێگەیشتن و دونیابینییەیان نییە و بەپێچەوانەوە وەك مافێکی سروشتی دەبینن، بۆیە سەرەتا دەپرسم چەمکی جیاوازی چی دەگەیەنێت

لەدیدی ئەوە، بۆچی جیاوازی هەبێ؟

سمکۆ محەمەد: چەمکی جیاوازی لەبنەمادا بۆ قەبوڵکردن و نەمانی فکری شمولی و کۆنکریتی سەریهەدا و تێریزە کرا، هەروەها شێوەیەکیش بوو لەوێامدانەوەی چەمکی هەقیقەت کە هەر ئایدیا و ئایین و فەلسەفەیەك ئەو بانگەشەیەی دەکرد، بەومانایەی جەنگێك بوو لەنێوان لۆژیك و فەلسەفەی کلاسیکی، دواتر بەفراوانبوونی دیالیکتیك کە گومانی بۆ هەموو چەمکەکان دروستکرد و هەقیقەتی کردە پاشکۆ، ئیدی ئەو فشارەی لەسەر فەلسەفەی ژیان هەبوو نەیهێشت، کە بەپێی شوێن و کات سیستم و دەسەڵات و دەقە ئایینیەکان کاریگەری هەبوو، بۆیە هەقیقەت تەنها لەتیرە فیزیایی و ماتماتیکییەکاندا مایەوە، دەنا لەژیانی رۆژانەدا ئەو ئایدیایانە قۆپ بوونەوە، ئەوەبوو سەرەتا چەمکی جیاوازی کە ئەزموون کرا، لە قبوڵ نەکردنی ئایینەکانەوە هاتبوو بوو لەگەڵ یەکتر، ئەمە ئەزموونێکی تاڵ بوو، لەوێوە جیاوازی وەکو کۆنتێکستێك بۆ هیچ ئایدیایەك هەقیقەتی نەهێشت. وەختێك مارتن لۆسەر هات و بانگەشەی ناتوندوتیژی ئایینی و یەکتر قبوڵکردنی پێشکەش کرد، ئەمە بوو بەسەرەتایەك بۆ باڵانس لەنێوان کاسۆلیك و پرۆتستانتی رۆژئاوا، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە جیاوازی لەنێو فکردا هەمیشە ئامادە بووە، دواتر لەنێو رۆشنبیریدا بووە بەستایلێك و لەنێو کایەی میدیایی و رۆژنامەگەریشدا کاری پێکرا، بۆ نموونە ململانێی نێوان لایەنە دژەکان کە نموونەی ئەنارشیزم و ریفۆرمخوازەکانە، پۆ بایەخترین جیاوازییە ئەگەر بەپێی قسەی ماری دوگڵاس بێت کە لەکتێبی (پاکیزەیی و مەترسی) باسی ئەو شتانە دەکات کە لەجێگەی خۆیاندا هاودژ و ناڕێکن، نەك ئەو شتانەی کە بەبۆای ئینسان لەسرووشتدا ناڕێکن.

ئەمە دەتوانین زۆربەی جیاوازییەکان بگەڕێنینەوە بۆ حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ نموونە جیاوازی ئەگەر لەنێو گرووپە کۆمەڵایەتییە یاخیەکانی وەکو قەرەج و بوهیمیەکان وەربگرین و لەو فەزا کۆمەڵایەتییە نەبێت، لەنێو کایەی فکریدا هەموو بەجیاوازییەوە بژین، هیچ بەهایەکی نییە، چونکە بەهای جیاوازی لەئاستی قبوڵکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و رەگەز و نەتەوە و زمان و کولتوور و ئایینداا دەردەکەوێت، بەرلەوەی جیاوازی قبوڵکردن لەدونیای دەرەوەی رۆژهەڵات ببێتە باو، گرووپە کۆمەڵایەتییە یاخیەکانی رۆژئاوا و ئامریکا، رۆسا و نۆرمێکی تایبەتیان هەبوو، ئێستا چونکە لەئاستی کۆمەڵایەتییدا جێگەی خۆیان کردووە و بەڕادەیەك جێکەوتە بوون، ئیدی کاریگەرییە نەرێنییەکە کەوتە گۆڕەپانی دەوڵەت و سیستمەوە،

بۆیە ئەوانیش وەکو چۆن قەرەجەکان لەسەرتاسەری دونیا بەرەسا و یاسای خۆیان دەژین، بەهەمان ریتم لەئاستی سیستمدا گوێیان کەن دەکەن و بڕوایان بە سیستم و لەقاڵبدانی ئینسان نییە، رەنگە هەر ئەمەش بێت وابکات بەچاوی نامۆوە ببینرێن و قەبوڵ نەکرێن.
لەراستیدا جیاوازی لەرێگەی عەقڵەوە مانای هەیە نەك ئایدیایی ناکامڵ، بۆیە جیاوازی پشت بەعەقڵگەرایی دەبەستێت.
بەهەرحاڵ ئەم چەمکە بۆ قەبوڵکردن و نەمانی فکری شمولی و کۆنکریتی بوو، بۆیە پشت بە عەقڵ دەبەستێت، بۆ نموونە هەر گرووپێك و هەر ئایدیایەك بەبۆ عەقڵ ئەم چەمکەی قبوڵ کرد، تەمەنی کورت دەبێت و هەر کاتێك کێشەیەکی بچووك دروست بوو، ئەو جیاوازییە هەڵدەوەشێتەوە.

دەبۆ ئەوە بزانین کە جیاوازی نەسرەتا و نەکۆتایی نییە، تیری ئیگلتن نووسەرێکی بەناوبانگی مارکسییە، پێیوایە هەندێك شت هەیە بۆ ئەوی بگوازرێتەوە، دەبۆ قبوڵ بکرێ و جیاواز بێت، ئەمەش بۆ سەلماندنی رەسەنایەتییە، رەسەنایەتیش هێز بەدەست ناهێنێت ئەگەر کۆپییەکی تر لەبەرامبەری نەبۆ، بۆیە جیاوازی رێگەیەکی دیکەی لێکۆینەوەیە لە ئامادەیی شتێکی تر کە لەگەڵ خۆیدا جیاوازە و پێشوازی لە وردبینی بابەتی دەکات، بەومانایەی بەبۆ وردبینی لەشتەکان، رەگوێیشە لەعەقڵی کارێکتەرە جیاوازەکان داناکوتێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە تاکو بابەتێکی دیکە ئاسان بکات، ئەمە سەرەتای چوونە نێو دونیایەکە کە نابێت هیچ شتێك و هیچ کولتوور و نووسین و ئایدیایەك، بەبیانووی هەقیقەتەوە لەلایەن ئایدیایەکی ترەوە پەراوێز بخرێت، کەواتە جیاوازی ئەو واقیعیەتەیە کە دەیهەوێ ئیعتیبار بۆ ئەوانی تر بگەڕێنێتەوە، کەمن وای دەبینم جیاوازی گەمەی حاڵەتەکانە.

پرسیار: ئەی چۆن جیاوازی نەبووە کەرەستەیەك بۆ پراکتیك کردنی لەژیانی واقیعی، بۆچی ناونیشانی جیاوازی وەرگرت؟.

سمکۆ محەمەد: تائێستا هیچ چەمکێك نەبووە لەسەرەتای بەرهەمهێنانیەوە تاکو ئێستا، دووچاری کێشە نەبووبێت، چونکە فەلسەفە و فکر بۆخۆیان کێشەن، کێشەی ئەم جیاوازیەش وەکو هەرکام لەچەمکەکانی تر لەسایەی بازاڕی سیاسەت و سەرهەڵدانی رەوتی تووندڕەوی تیرۆریستی خراپ پراکتیتك کراوە، بۆیە پراکتیك کردنەکەشی ریتمی جیاوازی وەرگرت، ئەو نووسەرانەش کە پشتگیری ئەو رەوتە بوون بەبۆ ئارگومێنتی تووندوتێژ، لەبری ئەوەی بەئەرێنی خۆیان بەرهەمبهێننەوە و ئەویتر لەبەرامبەر یەکتر قەبوڵ بکەن،

بەڕێوانەوە لەژێر عینوانی جیاوازی بیرو بۆچوون و بیرکردنەوەی جیاواز، گورزێکی کوشندەیان لەو فەرهەنگەدا کە کاریگەرییەکی نەرێنی خۆقاند لەناو خەڵکی بەگشتی، نموونەی ئەو جیاوازییەی کە سیستمی دیموکراسی بانگەشەی بۆ دەکات و لەملانێی حیزبی و سیاسیدا کێی کردۆتەوە کە ئەمە هەم وەهمە و هەم گەمەی سیاسییە، نموونەش بۆ بەهاکردنی بۆچوونی بیرمەندانی رابردووە، ئیدی هەرکەس لەئەنجامی بڕیکاری و ئارەزوویەکی هەرزەکارانە بۆ خوێندنەوە و بەکارهێنانی ئینتەرنێت و جیاوازی لەبیروبۆچوونی ئاینگەرایی و پشتگیری لەیەکێك لەبەرەکانی جەنگی سیستم و تیرۆر، بەناوی جیاوازییەوە رووبەڕووی ئەو چەمکە فکریانەش بوونەوە و کردیان بەبازاڕێك بۆ رەواج پێدانی بیری تەسك و نالۆژیکی.
بەشێك لەسەرهەڵدانی ئەم کارەساتە فەرهەنگییەی زۆربەی زێنەکانی سەر گۆی زەوی گرتەوە، بەتایبەتیش ناوچەی رۆژهەڵات، تەنها بۆ ئەوەبوو کە چیتر لەرگەی فکرەوە ململانێ چینایەتییەکان لەگەڵ تەکنەلۆژیا نەکرێ، کەچی بەپێچەوانەوە ململانێکانیان گەیاندەوە سەرەتاو لەململانێی ئایینەکان و زمان و نەتەوەوە جارێکی تر خێی بەرهەمهێنایەوە، ئەمەش تاکە ئامانجێك بوو بۆ گۆڵکردنی ئینسان بەگشتی و ئینسانی رۆژهەڵاتی بەتایبەتی، سلاۆی ژیژاك بیرمەندێکی چیکی ئەم چەرخەیە، لەکتێبی (سەرەتا وەك تراژیدیا و کۆتایی وەك کۆمیدیا) باسی وەرگرتنی جیاوازی دەکات و پێیوایە لەدوای سەرهەڵدانی چەمکی جیهانگەراییەوە، مەترسیدارترین چەمك، چەمکی ئازادی بیروبۆچوون بوو کە خراپ کەڵکی لێوەرگیرا، ئەوەبوو وەکو سەرەتایەك هەستی پێکرا کە هەوڵێك هەیە بۆ سوککردن و بۆ بەهاکردنی و هاندانی کۆلکە خوێنەوار بۆ نووسین، ئیدی ئەم هەوڵە لەشوێنکی دیکەشدا بازاڕێکی گەورەتریشی بەرهەمهێنا، ئەویش بەرهەمهێنانی خوێنەواری شەیدای بۆوانامەی زانکۆکانی کەرتی تایبەت و نووسەری کرچ و کاڵ بۆ گەرمکردنی بازاڕی میدیا تاهاتنی میدیای ئەلیکترۆنی و گەشەکردنی تاکو ئەم سەردەمە.

پرسیار: باشە تۆ لەلایەك پشتگیری لەم چەمکە دەکەیت و لەلایەکی تر بەگەمەی دەزانی، ئایا ئەمە باڵانسی فکری تیایە؟، ئەگەر هەیە بۆچی ناتوانین جیاوازبین، لەکاتێکدا هەموو ململانێکان لەسەر سەلماندنی بوونە، سەلماندنی شوناسی ئایدیایی و نەتەوەیی و ئایینی و هتد، ئایا بەراستی ئەمە هەموو جیاوازییەکانە؟

سمکۆ محەمەد: من بەپێی بۆچوونە جیاوازەکان ئەرگۆمێنتم هێناوەتەوە و بەپێی ئایدیای فکری خۆشم کۆمێنتم هەبووە، هەروەها بەپێوەری

رەخنەیی قسەم کردووە کە ئەگەر جیاوازی نەبێ، رەخنەش قەبوڵ ناکرێ، بۆیە دەبێ وەکو رەخنەیەك لە ئەپستراکت کردنی ئەم چەمکە باسی رەخنە بکەم، یان باسی جیاوازی خۆم بکەم وەکو مافێکی فکری، چونکە من تەواو کۆك نیم لەگەڵ ئەوانەی لەژێر عینوانی جیاوازی، هەموو جیاوازییە ریشەییەکانیان لەجیاوازی فکرو جیاوازی ئایین و ئایدیایيدا کۆکردۆتەوە کە ئەمە وەهمە، ئەو چەمکە بەدەر لەوەی مانای جیاوازی هەیە و لە بنەمادا بەهۆی قبوڵ نەکردنەوە تێریزە کراوە، لەلای من جیاوازی جگە لەجیاوازی چینایەتی شتێکی تر نییە کە رەخنە لەبنەمای سیستمەوە هاتووە، ئەگەر سیستم نەبێ فکر ناتوانێ رەخنە قەبوڵ بکات سابا هەر کایەیەك بێت، چونکە جیاوازی هەموو ئایینەکان و نەتەوە و کولتوور و زمانەکان، لەنێو هەناوی خۆیدا هەڵگری جیاوازییەکی دیکەیە، ئەویش جیاوازی چینایەتییە کە لەخۆشگوزەرانیدا دەردەکەوێت، بەتایبەتی لەدۆخی ناجیگیردا زیاتر هەستی پێدەکرێ، خۆ ئەگەر بەپێچەوانەوە تەماشای بابەتەکە بکەین، دەبینین تەنها دەبێتە سەفسەتەبازی فکری و نمایشکردنی ڕۆشنبیریی، بەمانایەکی تر ئەوە جیاوازی نییە ئەگەر کات بەوە فیێ بدەین، ئایا هەموو ئایدیا و ئایین و بیروڕا فەلسەفییەکان پێویستن یان نا؟، ئەمە وەکو ئەوە وایە دوو کەس دوو قەترە ئاو بخەنە نێو پەرداخێکەوە و هەرکەس لەوانە باسی جیاوازی قەترە ئاوەکەی خۆی بکات، ئەم جۆرە جیاوازییە ئایدیاییە، جیاوازییەکە تەنها فۆرمی باسەکەیە نەك جەوهەر.

ئایا پێویست نییە بپرسین ئەو هەموو دەقەمان پێویستە لەئەدەب و هونەر و هتد؟، وەامەکە بەڵێیە، چونکە جیاوازییەکە تەنها لە فۆرم و سیتایڵە و کێبەرکێکەش هەر ئەو فۆرمەیە نەك جەوهەر، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئەمانە چالاکی ڕۆژانەن و بوونێکی واقیعییان هەیە، بەڵام ئەوەی کە واقیعیەتی پێنادرێ و لەئینسانی دەشاردرێتەوە، یان جەنگەکە بەلاڕێدا دەبرێت، هەم رەخنەیە لەسیستم و هەم جەنگی چینایەتیی نێوان گرووپێکی کەمی بااەستی جیهانە، بەسەر زۆرینەی خەڵکی گۆی زەوی، ئەمە ناعەدالەتی و جیاوازییە ریشەییەکەیە کە بەرگری لێدەکرێت، بێ نموونە بزانە هەموو ئەوانەی کە سەر بەهیچ ئایدیایەك نیین و سەر بەهیچ فەلسەفەیەکی سیاسی نیین، کەچی دەزانن ناعەدالەتی و نایەکسانی هەیە، دەزانن کێشەیەکی گەورە هەیە بێ مانەوە و نەمانەوە لەم ژیانە درووستکراوە وەهمییە، دەزانن کە بەبارتەقای زەوی و ئاسمان، ژیانی دەوڵەمەند و سەرمایەدارەکان جیاوازی هەیە لەگەڵ هەژارەکان.

پرسیار: ئەمە جیاوازیەکی تر دەبینین لەئاستی جیهانی، ئەویش لە رەگەز و پست و هتد کورتکراوەتەوە، ئەمەیان چۆنە؟.

سمکۆ محەمەد: من لەپێشتر باسی ئەو جیاوازیە وەهمیە خوڵقێنراوەم کرد کە سیستمی سەرمایەداری دروستی کردووە و کردویەتی بە واقیع، بەڵام سەیرکە ئەوکاتەی کە رەشپێستێك لەلایەن پۆلیسێکی راسیست و سپی پێستەوە لەئامریکا دەکوژرێت، بزانە چۆن غیرەتی ئینسانی دەجوڵێت و لەتەواوی دونیادا کەیسەکە دەبێتە جیهانی و هەموو خەڵك بەبێ بیرکردنەوەی جیاواز دێنە دەنگ، ئایا ئەمە هەقمان نییە بپرسین ئەوە بۆچی کەیسی کورد بەهەموو شێوازەکانیەوە نەبێتە جیهانی، بۆچی یەکدەنگی لەسەر نەکراوە، کەچی دەبینین بەناوی جیاوازییەوە ئەم جیاوازییە چینایەتییە پشتگوێ دەخرێت و بابەتی لاوەکی پێشکەش دەکرێت بەناوی ڕۆشنبیری گەلانەوە، خێ ئەوەش نهێنی نییە و ئاشکرایە بۆچی گروپێکی کەمی سیاسی کە خۆیان ناویان لەخۆیان ناوە سیاسی، بوونە بە سەرداری کەمەگەکان و بەسەر کۆی کەمەگەوە بەناوی دیموکراسی و بازاڕەوە مامەڵە دەکەن، لەکاتێکدا گروپێکی کەمی یاسایی لەنەتەوەکان و گرووپە ئایینیەکان بوون بەرامبەر و زمانحاڵی هەموو خەڵك بەبێ ئەوەی هەبڕدراو بن، خێ ئەم پرسیارانە زۆر سادەن بەڵام قوڵایی فکری هەیە، وەختێکیش بێ هێنانەوەی ئارگۆمێنتی خۆیان، بەبێ ئاگا دەبن بە مارکسی و چەپ، بێ ئەوەی شەرعیەت بە خۆ بەخاوەنکردنی بابەتێکی ڕۆمانسیانەی سیاسی بدەن، ئەمە بنەمای کێشەی سۆسیالیزمە کە ئینسان بەبێ ئاگایی داوای دەکات بۆ خۆشگوزەرانی ژیان، بۆیە لەکەڤەرێکدا گوتارەکەیان دەگۆڕن و وەکو رابەرێکی چینایەتی قسە دەکەن، سەیرەکە ئەوەیە ئەوەیان بیرچۆتەوە کە خۆیان ئاڵا هەڵگری دژایەتی ئەو جیاوازییە ڕەسەنن، ئەمە کێشە بنەڕەتییەکەیە کە خزاوەتە نێو جیاوازیەوە، ئینسان لێرەدا پارادۆکسی فکری بێ ئاشکرا دەبێت و لەو تەکتیکە فکرییانە تێدەگات ئامانجەکە چییە و بۆچی ئەوە پەراوێز دەخرێت و بۆچی شتی تر بەناوی جیاوازییەوە پێشنیاز دەکرێت، لێرەوەیە عەقڵمەندی و فکر و تێگەیشتن لەخودی چەمکەکە دەردەکەوێت، ڕاستە بێ ئایدیاکان و ئایینەکان و سیاسیەکان ئەو جیاوازییە پۆیستە، بەڵام بەمەرجێك ئەمە پشتگوێ نەخرێت و وەکو کەڤەرێك بەکارنەهێنرێت.

چەمکی جیاوازی شرۆڤەیەکە لەرگەی هەڵوەشاندنەوە گەرایەوە دەردەکەوێت، سەبارەت بە ئامادەبوونی شتێکی تر کە بریتییە لە پارادۆکس و تایبەتمەندی لەنێو خودی شتەکە، ئەگەر جیاوازی بێ زمان بەکاربهێنین، دەبینین جیاوازی لەبارەی پارادۆکسەوە ئەوەیە بێ

نموونه پیتی A دەنووسرێ و دەخوێنرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ژنەڤتن، یان گەنەر نییە، سیفەتە پێکهێنەرەکانی کاریش کپ دەکات، بەڵام لەناو کۆنتێکستدا نییە، هەبەتە ئەمە سەبارەت بە نووسین لەبارەی دال و مەدلولەکانی، سەرەتای هاتنی بونیادگەراکان تاکە ئامانجیان ئەوەبوو لە جیاوازی فکری چینایەتی بدەن و گورزیشیان وەشاند، بەڵام دواتر لەرێگەی دیالیکتیکەوە جارێکی تر ئەوە رەوییەوە و دەرکەوت ئەو جیاوازییە راستەقینەترە، بێ نموونە فرانکفۆرتییەکان لایەنگرانی ئەو رەوتە فکرییە، وای لێهات لەنێو کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتیشدا ئەم رەوتە رەنگیدایەوە و دژایەتی فکری مارکسیەتیان دەکرد بەبێ هیچ ئارگۆمێنتێك، سەرەتا دژایەتی چەمکی یەکگرتنیان کرد، یەکگرتن بەهەموو ماناکانییەوە، دواتر لێدان لەحیزب و بزووتنەوەی کرێکاری و سەندیکایی و رێکخراوەیی و هتد، کە ئەمانە بەرهەمی دونیای عەلمانییەت بوون تاکە رێگەی رزگاری بوو لە خۆ و عەقیدەی ئایینی و کولتووری زاڵ و هتد، پاشان لێدان بوو لەبەها ئینسانییەکان، بەڵام ئەمە تەنها چارەکە سەدەیەك بێ کرد، پاشان دێخەکە لەرێگەی خوێندنەوە بێ دەقە رەسەنەکان کاریگەری ئەرێنی خێی دانایەوە و شتەکان هاتنەوە شوێنی خێیان.

پرسیار: دونیایەکی دیکەی جیاوازی هەیە کە لەئاستی غەریزییە، نموونەش ئەو حاڵەتەیە کە بەناوی ئازادی بەکارهێنانی جەستەوە، دیاردەیەك هەیە و ئاسایی بووە بەناوی سیکسواڵیتی، ئایا ئەمە جیاوازییە؟.

سمکۆ محەمەد: لایەنکی دیکەی دروستکردنی کەڤەر بێ جیاوازی، ئەویش مەسەلەی مۆاڵە، مۆاڵە بەمانای لێدان لە موقەدەس ئەوەی کۆمەڵگە بەگشتی بڕوای پێی هەیە، مەبەستم ئەوەیە کە بەناوی جیاوازییەوە سێکسواڵیتی و هۆمۆسێکسواڵیتی وەکو دەرهاویشتەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی نوێ، کرا بە ماف و ستایلێك لە ئەنتەلێژیا، لەکاتێکدا ئەنتەلێژیا پڕتێکڕاکە ئینسان لەگەڵ خودی خێیدا تەماری دەکات و عەقڵ ئاراستەی دەکات، کەچی زیاتر لە دیاردەکە خێی شەرعییەتی پێدرا، بەوپێیەی کە بەناوی ئازادی بەجەستەی خودەوە کرا بە ستایلی ژیان و ئانارشیزمی کولتووری، تا ئەو ئاستەی کە هەم پارلەمانی ئەوروپا و هەم کەنیسەکان دانیان پێدانا کە ئەمە لەپشتییەوە هێزکی سیاسی و ئابوری هەبوو، من خۆم ئەمەم لەنزیکەوە بینیوە و کارم لەسەر کردووە لە ئەوروپا، لەراستیدا ئەمە جیاوازی نییە، بەکو ویستکی تاکییە لەرووی سێکسییەوە کە ئینسان مافی ئەوەی هەیە جەستەی خێی بە ئارەزووی خێی بەکار بهێنێ، کەچی بەناوی

جیاوازی یەوە بابەتەکە بەیونیقۆرسال کرا، کورتکردنەوەی ئەم حاڵەتە لەرووداوێکەوە وەکو هەر کارێکی دیکەی ئارەزوومەندانە تایبەتمەندێتی پێنەدرا، بەڵکو کرا بە ریسکێکی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەمەش نەیتوانی سنووری نێودەوڵەتی ببڕێت و تەنها لە رژئاوا مایەوە، چونکە کولتوور حوکمی بەسەر گوتارەکەوە هەبوو، لەکاتێکدا بەتەواوینی سلاقی ژیژاك ئەو جیاوازییە تەنها لەوێدا دەردەکەوێت و هەستی پێدەکرێت کە دایکێکی هەمسەکسوالی رەشپێست، دەرك بەئازاری تەنها هەمسەکسوالی رەشپێست دەکات کە حاڵەتەکە ئاسایی نییە و هی خۆیەتی، نەك سپی پێستێك، بۆیە دژوار بەتوندی رەخنە لەم جۆرە گەڵاندنەوەیە دەگرێت و پێیوایە یەکسانی رەوشێکی پەرچەکردارە، بەوپێیەی ئەمە ئیتیکی گۆڵانەوەی چیرۆکی ئازاری رەگەزێکە بۆ رەگەزەکەی خۆی، نەك رەگەزەکەی بەرامبەری، لێرەوە تێدەگەین کە ئەو مۆاڵەی بەناوی جیاوازی یەوە لەهەموو کایەکاندا هەیە و بۆتە مۆدێل، نەك هەر وانییە بەڵکو پێچەوانەکەی راستە، ئەمە کارەساتە گەورەکەی پشت وەهمی جیاوازی یە، من دەمەوێ ئەوەش زیادبکەم کە ئەگەر هەر ئەو جۆرە بەناوی ئازادی بەکارهێنانی جەستەوە زیانی لە سیستم بدایە، نەك هەر قەبوڵ نەدەکرا، بەڵکو خۆن دەژرا و یاسای تۆندیان بۆ دەردەکرد، هەروەکو چۆن لەکێنەوە لەمژووی هەموو ئایینەکاندا تۆمارکراوە، لەمدواییەشدا لە ئەفغانستان و پاکستان و هەندێك شوێنی تر پەیوەی لێکرا، کەواتە بانگەشەکە خۆسك نییە و لەپشتیەوە گوتارێك و پاڵنەرێکی سیاسی ئابوری هەیە.

بە بۆچوونی هانا ئارێنت کە لەژێر کاریگەری هایدگەر و والتەر بنیامین بوو، لای وایە فرەیی و جیاوازی توانای مرۆیی و پێویستیەکانی ژیانی گشت دابین دەکات، ئیدی هەر لە ئاشکراکردنی شوناسی ئایینی و ئایدییایەوە بگرە، تاکو دەگاتە شوناسی کرێکار لەنێو فەزای ئازادیدا، ئەمە هەرچەند لەدونیای سەرمایەداریدا بەسیستم جێگەو رێگەی بۆ کراوەتەوە، بەڵام سنووردارێشە، چونکە رەنج و کار وەکو دوو تایبەتمەندی ژیانی ئەو جیاوازییەن کە داپۆشراوە بەکەڤەری دیکە، هەروەها چالاکی و کاری هاوبەشیش گرێدراون بە ئیرادەوە، ئیرادەش لەدایکبوونەوەی هێزکی نادیارە لەنێو دیارەکاندا، بۆیە ئازادی لێرەدا لەجیاتی بەکارهێنانی کاڵا بێت وەکو فریدریك ئەنگڵس دەڵێت، دەبێتە ستایلێکی دیکەی دەرکەوتن، چونکە ئەو هەقیقەتەی کە شێش بزری کردووە، ژیانی تایبەتی وەکو ئەلتەرناتیق پێشنیاز کردووە بۆ شێشك کە لەجیاتی گروپەکان، تاکەکان بۆ خۆیانی دەستەبەر دەکەن، هەبەت ئەم چالاکی و ئازادییە،

وەکو رەخنە و جیاوازی تەماشاکراوە لەدونیای پێست سەرمایەداری هاوچەرخ، بۆیە هەمیشە تیشکی خراوەتە سەر، ئەمە دیاریکردنێکی دیکەی شوناسی تاکێتییە.

پرسیار: قبوڵکردنی جیاوازی چونکە بەرئەنجامی هۆشیاری یە، کەواتە ئێمە لەنێو مەعریفەدا ئەو فەزایەمان هەیە کە ڕێشنبیر و کەسە شارەزاکان لەهەموو کایەکاندا فکری یەکتر قبوڵ بکەن، ئەی بۆچی ئەو گفتوگۆیە نابینرێت بەتایبەتی لەکایەی ئەدەبدا؟.

سمکۆ محەمەد: خاڵی سەرەتایی دانپێدانان بەئەویتر مانای جیوازی یە، ئەمە ئەگەر قبوڵکردنی جیاوازییەکە شتێکی ئاساییی بێت یان قورستر لەتێگەیشتن کە هەندێکجار کولتوورەکان لەیەکتریش تێنەگەیشتوون و یەکتریشیان قبوڵ کردووە، وەکو ئەوەی لەهیندستان هەیە و لە ڕۆژئاوا ڕەنگیداوەتەوە بەناوی کۆمەڵگەی فرە کولتووری، بەڵام ئەمە بەشێکە لەپەیوەندیی جەراوجێری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، بۆیە گرینگ ئەوەنییە بۆئەوەی بیسەلمێنین جیاوازین لەگەڵ یەکتر، بەڵکو گرینگ ئەوەیە ماهیەتی جیاوازی بزانین و گرینگی بەو ڕێگەیە بدەین بەمیشە لەپەروەردە و عەقڵی نەوەکاندا ڕەنگبداتەوە، من تەنانەت ئەو جیاوازیانەش کە بەناوی زمانەوە باس دەکرێت بە فەیك و ساختە دەزانم.

با لەبارەی زمانەوە وەامی پرسیارەکە بدەمەوە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی زمانی فەرانسی و ئینگلیزی و عەرەبی زمانی زیندوون و زمانی ئوردو زیاتر لە ملیارێك و نیو خەڵك قسەی پێدەکەن جیاوازێکی زیندوو نیین؟، ئەم کەیسە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ کەیسی چینایەتی کە سەرتاسەری جیهان بەناچار قەبووڵیان کردووە و لەگەڵ فەزا خوڵقاوەکەی دەژین و چارەنووسی ئینسان لەدەست گروپێك ئینسانە، وەختێك باسی ئەم جیاوازییە ڕەسەنە دەکەین، تێمەتی شمولی و کۆن و دژە ئینسانیمان پێدەبەخشن، هەبەت ئەمە بۆ داپۆشینی ڕاستیەکانە و نەك دەرخستنی جیاوازی.

من لێرەوە باس لەو فەزا خاڵییە دەکەم کە لەنێو مەحفەلی ڕێشنبیری ڕۆژهەاتیی هەیە، لەکاتێکدا ئێمە ئەم چەمکەمان وەکو هەر چەمکێکی تری فەلسەفەو فکر لەدونیای ڕۆژئاوا وەرگرتووە، بۆیە نەپەروەردەکراوین بەو ئاراستە بیرکردنەوەیە، نەك دەشتوانین هەرزی بکەین بەو تەمەنەوە کە کۆمەڵگە پیرێتی پێوە دیارە، لەڕاستیدا چەمکێك هەرس دەکرێ و قبوڵ دەکرێت و پراکتیك دەکرێت، ئەگەر

بەسیستم ئینسانی بێ ئامادەکرابێت و پەروەردە کرابێت، ڕۆژهەڵاتی ئەو ڕۆشنبیرییە نوێیەشی کە پەیدای کردووە، تەنها وەکو فۆرم کاری پێدەکات و لەجەوهەردا کەس خاوەنی ئەو پرنسیپە ئەخلاقییە نییە کە لەهەموو کایەکاندا فەرزکراوەو کاری پێبکرێ، مەبەستم ئەوەیە ببێتە مۆڵ و لەژیانی ڕۆژانەدا هەستی پێبکەین، لەکاتێکدا کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کە فرەییە لە ئایین و ئایدیا و زمان و شێوەزار و بن زمان، کەچی ئەو فرەییە نابینین کە لەڕۆژئاوا بەناوی فرە کولتووری هەیە، ئەم جیاوازییە نابینین، تەنانەت لە گەیاندنیشدا، بێ نموونە کوردی (کرمانجی سەروو خواروو) بەهۆی ئەوەی لەیەکتر تێناگەن، بەناچاری بەعەرەبی قسە دەکەن، هیچکامیان بێ ئەویتر تەنازول ناکەن شێوەزارەکە تێکەڵ بکەن، ئەمە لەدونیای عەرەبیشدا هەیە لەو وڵاتانەی بەشی ئەفریقین و ئەوانەشی ئاسیایین.

دیسان ئەگەر کۆشەی زمان وەربگرین کە بریتییە لە دال و مەدلول، هەموو ئەو شتانەم دەوێ کە زمان مانا بەرهەمدەهێنێ، هەر زمانێکیش کەمترین مانای لێبەرهەمهات، واتە زمانێکی هەژارە، لەمبارەیەوە جاك لاکان و فێردیناند دی سۆسێر وەردەگرم کە لەبارەی زمانەوە تیۆریان هەیە، ئەوان پێانوایە زمان دەنگە، ئەگەر دەنگیش بنووسرێتەوە و زمان شتێکە وەکو گەنجینە، سۆسێر دەیگەڕێنێتەوە بێ کتێبی (تەورات) بەو مانایەی کە چیرۆکی سەرەتایی زمان لە داستانی ئادەم و حەواوە هاتووە کە قسەیان کردووە و ناویان لە شتەکان ناوە، کەواتە ئەو جیاوازییە لەزماندا هەیە ئەوە بنەماکەیەتی، جاك لاکانیش بێ ئیدراك، لەهەردوو حاڵەتەکەدا ڕۆژهەڵاتی کەکیان لەم باسە تیۆریانە وەرنەگرتووە.
بەهەرحاڵ ئەو ڕووبەرەی کە بۆتە جێگەیەك بۆ خۆنمایشکردن و بەلاڕێدابردنی گوتاری مەعریفی، لەبری ئەوەی ڕۆشنبیرەکان لەپەراوێزی چەمکەکە و بەپێی لۆژیکی چەمکەکە مانای جیاوازیەکان بەیان بکەن، هەروەها لەرێگەی بۆچونەوە خۆیان لەو تەرزە میدیاکارە جیابکەنەوە کە بوونە بەکارەکتەری هەڕوونە سیاسیە نامەعریفیەکان، بەبێ ئەزموون و بەبێ شارەزایی لەسیاسەت، زۆرجاریش بەهۆی ئەو نەشارەزاییەوە بەکاری سیخوڕیەوە تێوەگلاون، بەپێچەوانەشەوە ڕۆشنبیر بوون بەتیۆریستینە ڕۆژنامەوانیەکان و ئەوانەش کە ئەدەبین، بەگشتی و بەبێ ئاگا دوور لە تێگەیشتن لەچەمکی جیاوازی لەکۆنتێکستدا، بەناوی جیاوازییەوە کۆمەك بەسیاسەتێك دەکەن دژی سیاسەتێکی تر، ئەم حاڵەتە تائەو جێگەیە پەلی هاویشتووە کە بۆتە چەند جۆرێك لەبازاڕ بێ چەمکەکە، جارێك گەرمکردنی بازاڕی سیاسی و یەکلایی کردنەوەی هێزە سیاسیە کۆبەرکێکەرەکان، جارێکی دیکە بۆتە

بازاڕێك كه سیاسەتێكی دژ به سیاسەتێكی دیكه، بۆ نموونه هەم بەشی زۆری رۆژنامەكان مۆكی سیاسییەكانن، هەم ئەو كەرەستە رۆژنامەوانییەی كه لەبازاڕ دەفرۆشرێت، دیسان مۆكی كۆمپانیاكانی كارەكتەرە سیاسیەكانن و كەكی لێوەردەگرن.

بەپێی تێبینی و تێگەیشتنی نووسەری بەناوبانگی عەرەبی (زكی العلیو) هەست بەوە دەكەین كه جیاوازی جگه لەوەی لەنێو كارەكانی دیكه وەكو نووسینی كتێب بەمیتۆد، لەهیچ شوێنكی تر جێگەی نابێتەوە، بەپێچەوانەوە دەركەوتنەكانی تر لەرێگەی میدیاوە و بەتایبەتی شاشەی تەلەفزیۆن، ئەوەیە كه هەم هاندانە و هەم هاندەرن بۆ بەشداریكردنی كاریگەریانەی خەڵك و جیاوازی سیاسی و كۆمەڵایەتی، هەم پشكداری كردنە لەدیاریكردنی بڕیاری چارەنووسی خۆی بەشی هەبێت و نەترسێت، هەبەت ئەم هۆشیاریە تەنها بەهاندان نابێت، بەكو بەئارگومێنت هێنانەوە دەبێت كه رەخنە ببێتە نەریت، چونكه هەتا قبوڵكردنی جیاوازی بەجەوهەری خۆی كاریگەری لەسەر گشت نەبێت، رەخنە نابێتە نەریتی كۆمەڵایەتی، بۆیە كۆشە ئاڵۆزەكانی سیاسی و كۆمەڵایەتی بریتییە لەو جیاوازییە وەهمییەی كه میدیا دروستی كردووە.

پرسیار: باشە باسی گرێیەیەكی دیكەی جیاوازیت كرد كه راگەیاندنە، ماوەی رابردوو بەناوی جیاوازییەوە میدیا وەكو رووبەڕێك بۆ جێگەكردنەوەی جیاوازییە هەمەلایەنەكان بەكارهات، بەرهەمەكەشیمان بینی كه لەئاستی تێگەیشتنی خەڵك و تەنانەت سیاسیەكانیش نییە، ئایا بەهەق وایە ئەم رووبەرە جێگەی جیاوازەكانی كردێتەوە؟.

سمكۆ محەمەد: لەراستیدا ئەم رووبەرەی كه بۆتە جێگەیەك بۆ خۆنمایشكردن و بەلادابردنی گوتاری مەعریفی، لەبری ئەوەی رۆشنبیرەكان لەپەراوێزی چەمكەكە و بەپێی لۆژیكی چەمكەكە مانای جیاوازیەكان بەیان بكەن، هەروەها لەرێگەی بۆچونەوە خۆیان لەو تەرزە میدیاكارە جیابكەنەوە كه بوونە بەكارەكتەری هەڕووبەسیاسیەكان، بەبۆ ئەزموون و بەبۆ شارەزایی سیاسەت، زۆرجاریش بەهۆی ئەو نەشارەزاییەوە بەكاری سیخوڕیەوە تۆوەگلاون، بەپێچەوانەوە رۆشنبیر بوون بەتێریستینە رۆژنامەوانیەكان و ئەوانەش كه ئەدەبین، بەگشتی و بەبۆ ئاگا دوور لە تێگەیشتن لەچەمكی جیاوازی لەكۆنتێكستدا، كۆمەك بەسیاسەتێك دەكەن دژی سیاسەتێكی تر، ئەم حاڵەتە تائەو جێگەیە پەلی هاویشتووە كه بۆتە چەند جۆرێك لەبازاڕ بۆ چەمكەكە، جارێك گەرمكردنی بازاڕی سیاسی و یەكلایی كردنەوەی هێزە سیاسیە كۆبەركێكەرەكان، جارێكی دیكه بۆتە بازاڕێك كه

سیاسەتێك دژ بە سیاسەتێکی دیکە، بێ نموونە هەم بەشی زۆری رۆژنامەکان موکی سیاسیەکانن، هەم ئەو کەرەستە رۆژنامەوانییەی کە لەبازاڕ دەفرۆشرێت، دیسان موکی کۆمپانیاکانی کارەکتەرە سیاسیەکانن و کەکی لێوەردەگرن.

جیاوازییەك لەمیدیادا بووەتە باو، خراپ بەکارهێنانی ئەو رووبەرەیە بۆ جەنگ تەرخان کراوە، ئەم رووبەرە بەشکی جەنگی دیارە کە لەگوتارەکاندا باشتر دەبینرێت، ئەویش لەهەواڵ و چاوپکەوتنەکاندا دەردەکەوێت، بەشەکەی دیکەی نادیارە، چونکە تەواوی جەنگەکە کۆکراوەتەوە لەسیاسەتێکی ناتەندورست کە لەکۆنتکستدا دەرناکەوێ، یان هێزکی تارماییە لەدژی هێزکی تر، لەحاڵکدا ئەو جەنگەی کە دەبوو رۆژنامەنووس بیکردایە و ڕۆشنبیری جدی هاوپشتی بکردایە، نەك هەر پەراوێز خراوە و لەبیری خەڵك براوەتەوە، بگرە قەناعەتێکی تەواویشی دروستکرد کە جەنگی گروپە کۆمەڵایەتیەکان و جەنگی مەعریفی و جەنگی نێوان کۆنخواز و نوێخوزا و جەنگی بازاڕ و جەنگی چینەکان، بچووك بکرێتەوە لەجەنگی سیاسەتێکی لۆکاڵی و بچوکتریش جەنگی دەروونی حیزبە سیاسیەکان کە هەموویان لەژێر عینوانی جیاوازیدا پێناسە کراون.

ئەم جۆرە هاندانە بۆ میدیاکار و کردنیان بە ئەستێرەی وەهمی شاشە، لەڕگەی خوقاندنی رووداوی هەمەچەشنی ناهەقیقییەوە، چەند ئامانجکی هەبوو، یەکك لەوانە نەهێشتنی بۆا بەخبوون و بۆا بە زیانی ئاسایی بوو، هەروەها سنووردارکردنی چڕی زیان بوو لە بابەتە فرەییەکان، هەروەها لەبیربردنەوەی هەستی مااڵی بوو لەئینساندا، هەبەت ئەمانە هەموو ئامانجی خیان پکا.

تێوانینی ئیبن روشد لەبارەی پێیوندی نێوان ئاییننی ئیسلام و فەلسەفە … ئەردۆغان عەبدوڵا

هەمیشە لە نێوان ئایین و فەلسەفەدا جۆرێک لە ناکۆکی و دژ بە یەکییەك هەبووە، لەوتی فەلسەفەش دروستبووە، نیقاشکی گەورە لە

نەوان فەیلەسووفان و زانایانی ئایینی بەرپا بووە. ئایا هەق بەلای فەلسەفەوە یان بە لای ئایینەوە هەیە. مەسەلەی تێگەیشتنی راستی و هەقیقەت و کە لەسەر هەقە، هەتاوەکو ئێستاش بەردەوامە. هەرچەندە ئەم نیقاشە لە سەرەتادا لە نەوان فەیلەسووفان و ئاینەکانی جولەکە و مەسیحی بەرپا بوو، دواتریش بە بەاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، ئەم نیقاشە رێژەهەڵاتیشە گرتەوە.
لە ماوەی پێشوودا چاوم بە کتێبی " فەسلول مەقال" فەیلەسووفی ئیسلامی ئیبن روشد کەوت، کە لایەن کاک مەریوان عەبدول کراوەتە کوردی. ئەم کتێبە یەکێکە لە کتێبە باشکانی ئیبن روشد. ئەم کتێبە باسی بەچوونی ئیبن روشد و کەمێک فەیلەسووفی ئیسلامی تر دەکات لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە.
لە هەمانکاتیشدا بەشێکی زۆری کتێبەکە خۆی بە ئەم پرسە تەرخانکردووە وەڵامدانەوەی ئەوانەی کە دژی فەلسەفە دەوستنەوە لە پێش هەموشیانەوە ئیمام غەزالی. لەهەمانکاتیشدا باس لە گرنگی فەلسەفەشمان بە دەکات.

پەیوەندی ئایین و فەلسەفە
وەکو پێشتریش ئاماژەم پێکردوو لەگەڵ سەرهەڵدانی ئایینە ئاسمانییەکان، کێشە دەکەوتە نێوان فەیلەسووفان و زانایانی ئایینەوە. بەڵام دواتر هەندێک فەیلەسووفی ئایینی جولەکە ومەسیحی هەوڵ دەدەن، ئەم جەنگە خاوبکەنەوە.
وەکو کاک مەریوان عەبدولیش دەڵێت: هەرکات فەلسەفە هەبووبێت و بیرکردنەوەی فەلسەفیش لەناو خەڵکیدا جێگەی بایەخ بووبێت، ئەم پرسە هاتۆتە ئاراوە،چونکە هەرێک لە لایەنگرانی فەلسەفەو ئایین پێیان وایە ئەوی تریان دژیەتی، یان هەوڵی گونجاندنیان داوە لە نەوانیاندا و پێیان وابووە کە دوو رێگان بە شەوازی جیاواز بە گەیشتن بە هەقیقەت ،ل17

"فیلونی ئەسکەندەرانی ، کە لە ساڵی 50 زایینی کۆچی دواییکردووە" ئەم فەیلەسووفە جولەکەیە هەوڵیداوە شەریعەتی موسا بە شەوازێکی عەقڵی تەئویل بکات. پاش ئەمیش کەمێک فەیلەسووفی مەسیحی هەڵیانداوە کە ئایینی مەسیحی و فەلسەفە پێکەوە گرێ بدەن لەوانە "کلیمینتس و ئۆگستین " کە پێشەنگی فەیلەسووفانی مەسیحی بوون، دیانویست مەسیحیەت و فەلسەفە بە یەکەوە گرێ بدەن. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەشدا لە ڕۆما، کەمێک قۆشەی مەسیحی هەڵیان دەدا پەیوەندی فەلسەفە و مەسیحی کاتۆلیکی باشبکەن و بتەواوکەری یەکتریان دادنا، هەرچەندە لەم هەوڵیان سەرکەوتوو

نەبوون.
هەرچەندە فەیلەسووفە ماتریالیستەکان زۆر دژی ئەوە بوون کە ئایین و فەلسەفە تەواوکەری یەکتر بن، بەڵکە بە دوژمنی یەکتریان دادەنا. لەمەدا وتە بەناوبانگەکەی مارکس کە دەڵێت" ئایین تلیاکی گەلانە"، لووتکەی دژایەتی فەلسەفە و ئایین رادەگەیەنێت.

ئایینی ئیسلام و فەلسەفە
لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامیش، مەسەلەی پەیوەندی نێوان ئایین و فەلسەفە هاتە ئاراوە، هەندێک زانا و بیرمەندی ئیسلامی هەوڵستی زۆر توند و خراپیان بۆرامبەر بە فەلسەفە هەبووە لەوانە " غەزالی" کە زۆر دژی فەلسەفە بووە، لە بۆرامبەر ئەم بۆچوونە توندەی غەزالی کەمێک فەیلەسوفی ئیسلامی پەیدا بوون، کە پێیان وابووە ئایینی ئیسلام و فەلسفە تەواوکەری یەکترین و دوژمنی یەکتری نین لەوانە" کیندی، فارابی، سجستانی،ئیبن نوفە، ئیبن روشد"

بۆچوونی فەیلەسووفانی ئیسلام
یەکەمین فەیلەسووفی ئیسلامی کیندی بووە کە باسی ئەم بابەتەی کردووەو کتێبکی بەناوی " لە بارەی فەلسەفەی یەکەمینەوە" نووسیوەو پاشانیش ناردوویەتی بۆ خەلیفە " موعتەسەم باللە" کیندی لەم کتێبەیدا بۆگەڵ دەهەنتەوە بۆ ڕەوایەتی کاری فەلسەفاندن و بۆ کارێکی راست و تەباو گونجاوی دادەنێت لەگەڵ ئایینداا. لەمبارەیەوە دەڵێت: مەبەستی فەیلەسووف لە زانستێکیدا پێکانی هەق، لە کارکردنیشیدا کارکردنە بۆ "هەق". کیندی پێشی وایە کە کە فەلسەفە لەگەڵ ئەوەی پێغەمبەران هەناویانە هیچ جیاوازییەکی نییە.
هەروەها فەیلەسووفێکی تری ئیسلامی فارابییە، کە ئۆیش هەوڵیداوە گونجاندنێک لە نێوان ئیسلام و فەلسەفەدا بکات، ئەو لە کتێبی " کتاب الملة" هەوڵیداوە کە گونجاندن و نزیکی نێوان فەلسەفە و ئایین بددات. لەمبارەیەوە دەڵێت : ئایین و فەلسەفە لەیەک دەچن و شەریعەتە چاکەکان لەلایەن فەلسەفەوە پشتگیری دەکرێن و بۆگەیان بە دەهەنرەتەوە.
ئیبن نوفلیش لە کتێبی " حی بن یقظان" کە چیرۆکێکی فەلسەفییە، دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت کە هیچ لێکدژیی و جیاوازیی لە نێوان ئایینی ئیسلام و فەلسەفەدا نییە و بگرە ئەو پێی وایە کە ئایین و فەلسەفە هەردووکیان ڕەگەی بۆرەو هەقیقەت چوونن. واتە دژی یەکتر نین.

غەزالیی و فەلسەفە
یەکێک لە زانا و بیرمەندە ناسراوەکانی ئایینی ئیسلام ئیمام ئەبو

حامیدی غەزالییە ، کە زۆر دژی فەلسەفە بووە، ئەمەش لە کتێبی " تهافت الفلاسفة" بە جوانی دەریخستووە. غەزالی پێی وابووە فەلسەفە و ئایین نەک لەگەڵ یەکتری ناگونجێن بگرە دژی یەکتریشن و فەلسەفەی بە دوژمنی ئایین داناوە. هەر لەناوی کتێبەکەشیەوە دیارە، چەندە قی لە فەلسەفە بووە. جگەی ئاماژەیە ئەم بەچوونەی غەزالیش، هەتاوەکو ئەمڕۆ لەناو ئیسلامیەتوندڕەوەکاندا زۆر باوە.

ئیبن روشد و فەلسەفە

لە ماوەی پێشوودا لە دیدارێکی تایبەتدا لەگەڵ کەناڵی " العربية" موراد وەهبە فەیلەسووف و بیرمەندی ناسراوی میسری وتی : ئیبن روشد کاریگەری گەورەی بەسەر فکری ئەوروپاوە هەبووە، بەتایبەتی لە رووی فکری جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و ئازادی تاکە کەسیەوە. ئەم قسەیەش بۆلای منەوە سەیر بوو، بۆئەم کاتێک سەیری بەرهەمەکانی ئەم کەسە فەیلەسووفە دەکەین، ئەوجا لە گرنگی فکری تێدەگەین.

ئیبن روشد یەکێکە لە فەیلەسووفە ناودارو گرنگەکانی جیهانی ئیسلامی، لە ساڵی 520 کۆچی لە شاری قوورتوبە لە باشووری ئیسپانیا لە دایک بووەو لە ساڵی 575 کۆچیی دوایی کردووە. ئەو جگە لەوەی زانایەکی ئایینی بووە خەشی بە فکرو فەلسەفەی یۆنان و زانستی فەلەکناسیی و پزیشکیشەوە خەریک کردووە. هەروەها لە پاش خۆی کۆمەڵێک کتێبی گرنگی فکریی و زانستی بەجێهێشتووە گرنگترینیان : (فصل المقال، تهافت التهافت، الكشف عن مناهج الادلة) هەروەها کتێبی " الكليات" لە بواری زانستی پزیشکیدا، کە یەکێکە لە کتێبە گرنگەکانی بواری پزیشکی.

یەکێکیش لە کتێبە بەناوبانگەکانی " فصل المقال" ، کە تێیدا پرسی پێوەندی فەلسەفە و ئایین و وەڵامدانەوەی ئیمام غەزالییە. ئەم کتێبە لە رووی فکریی و فەلسەفییەوە گرنگی زۆری هەیە. خۆشبەختانە لەلایەن وەرگێڕانی هەڕامان کاک مەریوان عەبدول کراوەتە کوردیی. لەم کتێبەدا ئیبن روشد هەوڵیداوە وەڵامی ئەو پرسیارە گرنگە بداتەوە کە ئایا فەلسەفە و ئایین دژ بە یەکن یان تەواوکەرتی یەکترین؟ هەروەها وەڵامی بەچوونەکانی ئیمام غەزالی داوەتەوە، کە دژی فەلسەفە بووە، دیارە ئەمەش بە پشتبەستن بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و وتەکانی پێغەمبەر.

هەموو پێغەمبەرێک فەیلەسووفە، بەڵام هەموو فەیلەسووفێک پێغەمبەر نییە

یەکێک لە وتە بەناوبانگەکانی ئیبن روشد ئەمەی سەرەوەیە، ئەو پێی وایە کە فەلسفە و ئایین پێوەندییەکی ئەجگار مەتین و بەهێزیان هەیە. ئیبن روشد پێی وایە کە هەموو شەریعەتێک بە سروشە " وحی" بۆئەم عەقڵە تەکڵەی دەبێت و فەلسەفە دەبێتە یارمەتدەری ئایین، خۆ

ئەگەر ئاینەک دوور لە سروش و تەنها بە فەلسەفە دابمەزرێت ئەوا کەموکورت دەبێت. ل 23

ئایا فەلسەفە دژی ئایینە؟

ئیبن روشد لە تەواوی ئەم کتێبە و کتێبەکانی تریشیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە هیچ کاتێک فەلسەفە دژی ئایین نییە، زەرجار ئەو کەسانەی کە خەریکی فەلسەفەن بە کەسانی کافرو مولحید تاوانبار دەکرێن، بەڵام ئین روشد پێی وایە ئەوە فەلسەفە نییە ئەو کەسانەی لە ڕێگە لادەوە ، بەڵکو هەکاری ئەم دەگێڕنەوە بە خودی ئەو کەسانە خۆیان، جا بەهۆی بیرتەسکی خۆیانەوە بێت یان خراپ تێگەیشتنیان لێی بەهۆی نەبوونی مامۆستاوە.

دواتریش دەڵێت: شتێک کە لە خودی خۆیدا سوودبەخش بێت، نابێت وازی لێبهێنرێت لەبەر زیانێک کە بەهۆیەکی دەرەکی لێیکەوتووە..ل 27

پاشتر دەڵێت:

ئەو کەسەی کە ڕێگری دەکات لە تەواوبوونی لە کتێبەکانی فەلسەفە لەو کەسانەی کە شایەنی ئەون، وەکو ئەو کەسەیە کە ڕێگری دەکات لە کەسێکی تینوو لە خواردنەوەی ئاوی ساردی سازگار تا دەمرێت لە تینوێتیدا، ئەمەش لەبەرئەوەی خەڵکانێک پێی خنکاون یان مردوون، لە ڕاستیدا مردن بە ئاو شتێکی لاوەکییە، بەڵام مردن لە تینوێتیدا شتێکی خودیی و زەروورییە. ل 44

سێ جەڕ خەڵک

ئیبن روشد پێی وایە خەڵکی لە بەرامبەر ئایینداو یەک جەڕ نین و ئایینی ئیسلامیش کە ئاینێکی خودایییە ئاڕاستەی هەموو جەڕە خەڵکێک کراوەو هەریەکەیان بەپێی ئاستی تێگەیشتنی خۆی لە ئاین تێدەگات.

دواتریش دەڵێت خەڵکی لە سێ ئاستدان : 1. گوتارییەکان. 2. مشتومڕییەکان. 3 بورهانییەکان.

1/گووتارییەکان ئەوانەن تەنها بە ڕێگەی گوتار و ئامۆژگاری باوەڕ دەهێنن، ئەمانەش خەڵکی گشتیی و ئاسایین.

2/ مشتومڕییەکان، ئەمانە ئاستیان بەرزترە لە خەڵکی ئاسایی و گشتیی و گوتارییەکان، ئەمانیش بە مشتومڕ باوەڕ دەهێنن.

3/ بەڵام بورهانییەکان ئەو کەسانەن کە بە فەلسەفە و بەڵگەی عەقڵیی و تەواوینی حەقڵی و بورهان باوەڕ دەهێنن. ل28

ئیبن روشد بە ئەم بۆچوونەشی پشت بە ئایەتێکی قورئان دەبەستێت کە دەڵێت: ادع الى سبيل ربک بالحكمة و الموعظة الحسنة و جادلهم بالتي هي احسن، سورەتی النحل. ئایەتی 125 ” ئیبن روشد ئەم ئایەتە دەکاتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بۆچوونکانیی و بکارهێنانی فەلسەفە

بەتایبەتی دوایین وتەی خودا کە دەڵێت" موجادەلەیان بکە بە باشترین شێوە، و جادلهم بالتي هي احسن"
شەریعەت و فەلسەفە
بەشکی تری کتێبەکەی ئیبن روشد تەرخانکراوە بە پەیوەندی نێوان شەریعەتی ئیسلام و فەلسەفە. ئەو دەڵێت: ئەگەر ئەم شەریعەت هەق بێت و بانگخوازبێت بە تەواوەتی ئەوە دەزانین کە فەلسەفە نابێتە هەی سەرپێچی ئەوەی لە شەرعدا هاتووە. لە راستیدا هەق لێکدژ نییە لەگەڵ هەقدا، بەڵکو تەبایە لەگەڵیدا و شایەتی بە دەدات..ل 45

ئامانجی شەریعەت
ئیبن روشد وەک زانایەکی ئایینی کە لەناو زانستی ئاییندا قووڵ بەتەوە بەتایبەتی شەریعەتی ئیسلامی، باسی ئامانجی شەریعەتمان بۆ دەکات و دەڵێت:
پەیستە بزانین مەبەستی شەریعەت بریتییە لە فەرکردنی زانستی هەق و کارکردن بە هەق ، زانستی هەقیش بریتییە لە ناسینی خودای بەرز و باڵا و سەرجەم هەبووەکان بەو شێوەیەی کە هەیە، بەتایبەتی ناسینی بەختەوەریی دوارۆژو بەدبەختی دوارۆژ. ل 75
پەیوەندی زانست و ئایین
لە مێژوودا زەرجار بەشکی زەری زانیانی ئایینی دژی زانست و پشکوتنی زانستی وەستاونەتەوەو هەندەکیشیان بەچوونی تووندڕەوانەیان لە دژی زانا و زانست دەربیوەو فەتوای کوشتنیان دەرکردووە. لە ئەوەی جگەی سەرنج، ئیبن روشد دژی هەموو ئەو بۆچوونە تووندڕەوانە دەوستێتەوە کە پێیان وایە زانست و ئایین دژی یەکن بۆیەکە بەپێچەوانەوە ئەو وەکو تەواوکەری یەکتری دادەنێت. لەمبارەیەوە ئیبن روشد لە کتێبەکەیدا وتارێکی بەناوی "چۆنێتی گونجاندن لە نێوان حیکمەت و شەریعەتدا" نووسیوە. لەم وتارەیدا بە ووردی باسی ئەو پەیوەندییە قووڵەی نێوان ئایین و زانست یان وەکو خۆی دەڵێت حیکمەت دەکات و دەڵێت:
حیکمەت هاوڕێی شەریعەت و خوشکی شیرینییەتی. هەردووکیان " حیکمەت و ئایین" بە مرۆڤ هاوڕێی یەکترن و بە کرۆک و رەمۆک " غەریزە" یەکتریان خۆش دەوێت. ل ۹۲


قووربانی دەستی تووندڕەویی ئایینی
هەمیشە کەسە رووناکبیرەکانی لە جیهاندا بوونەتە قووربانی دەستی کەسانی دەبەنگ و تووندڕەو، ئەو کەسانەی کە زیرەک و بە توانان هەمیشە کەمەڵەک دوژمنی زەری بە پەیدا دەبێت، بەتایبەتی کەسانی

دەبەنگ ، ئەوانەی تر شەخسیان لە کەسە زیرەکەکان، دەبێتە ئاگرکی گەورە لە ناخیاندا و دەبێتە هاندەرکی باش تاوەکو بە بیانووی پارێزگاریکردن لە ئایین یان نیشتمان، پێلاماری خەڵکی زیرەک وبەتوانا بدەن.
ئیبن روشد کە یەکێکە لە فەیلەسووفە مەزنەکانی ڕۆژهەڵات و تەواوی ڕۆژئاوا پێی سەرسامە، کەچی ئەم زانا مەزنە دەبێتە نەچیرکی باش بە دەبەنگە تونددەوەکان و هەموو کتێب و داهێنانەکانی بە لادان لە ئایین دادەنێن. کاتێک لە مەراکیش دەگەڕێتەوە بە قوورتوبە زێدی خۆی، بەچوونەکانی لە بارەی فەلسەفەوە بەاوکردەوە، ئەوەندەی پێ ناچێت بە هەرتەق و دەستدرێژیکەر بە سەر ئایین دادەنرێت و فەتوای کافری و لادان لە ئایینی بە دەردەچێت. ئەویش ناچار دەبێت کە قوورتوبە بەجێبهێڵێت و ماوەیەک خۆی لە شاری فاس بشارێتەوە، بەڵام دواتر ئاشکرا دەکرێت و لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دەستگیر دەکرێت و زیندانی دەکرێت. بەوەش ناوەستن، دەچن لەناو بازاڕدا خەڵکی کەدەکەنەوەو هەرچی کتێبییەتی بەدیار خەڵکییەوە دەیسووتێنن . بەڵام خۆشبەختانە چەند پیاوچاکێک دەچن لای دەسەڵاتدارن شەفاعەتی بە دەکەن و بەرگری لەدەکەن و دەڵێن کابرا کافر نییە. پاشتر بە هەوڵی پیاوچاکان ئازاد دەکرێت و دەگەڕێتەوە بە مەراکیش . بەڵام ئازاری زیندانیکردن و پێلاماردان و لەناوبەرن، هەرچەندە ئەمەش مێژووییەکی ناشیرینی لە هەموو ئاینەکاندا هەیە.
بەدنییایەوە ئیبن روشد یەکێکە لە فەیلەسووف و زانا بەتواناکانی مێژووی ئیسلامی، بەداخەوە ئەویش لەکەتایی ژیانیدا دەبێتە قووربانی دەستی فکری تونددەوەیی ئایینی. هەرچەندە بەچوون و کتێبەکانی، کاریگەری گەورەیان بەسەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هەبووە.
لەکەتاییدا دەستخۆشی لە کاک مەریوان عەبدول دەکەم، بە وەرگەرانی ئەم کتێبە جوان و باشەی ئیبن روشد، هیوای کاری باشتری بە دەخوازم

سەرچاوە:
ئیبن روشد. کتێبی فەسلول مەقال. سەبارەت بە سەلماندنی پەیوەندی نێوان فەلسەفە و شەریعەت. وەرگێڕانی: مەریوان عەبدول. پێداچوونەوەی ئەبوار ئەحمەد و عادل عەبدوڵا. چاپی دووەم. ناوەندی ڕەهەند. سلێمانی. 2019

نەجیب مەحفوز نووسەرێک لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا … گۆڤاری حەمە فەرەج

لەماوەی پێشوودا کتێبی «نەجیب مەحفوز نووسەرێک لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا» خوێندەوە، کە لە نووسینی ئەردەڵان عەبدوڵایە. ئەم کتێبە لە 138 لاپەڕەدا پێکدێت. نووسەر باسی ژیاننامە و فکر و شێوازی نووسین و بابەتە گرنگەکانی و ئەمان و کورتچیرۆک و بەرهەمەکانی نەجیب مەحفوزدا کردووە. ئەم کتێبە دەتوانێت ببێتە پردێکی باش بۆ تێگەشتنمان لە نووسەرێ بەناوبانگەکانی عەرەب و جیهانی. هەروەها بەرچاوروونیەکی باشیشە بۆ نووسەری کورد، تاوەکو لە نزیکەوە ئاشنا بێت بە فکرو شێوازی نووسین و بۆشایی لە بەرهەمەکانی نەجیب مەحفوز، چونکە نووسەر لەکۆتایی کتێبەکەیدا، خوێندنەوەی بۆ 12 ڕۆمانی مەحفوز کردووە لەناویشیاندا شاکارە مەزنەکانی« اولاد حارتنا، سکریە ، بین القصرین، قصر الشوق»
نەجیب مەحفوز گەورەگە کەنەکانی قاهیرە کاریگەری زۆری لەسەر نوسینەکانی هەبووەو کەلاڕەی هزری بەناو کۆڵانەکانی قاهیرەدا شلکردووەو خوێنەریش بۆ ناچاری بەدوای ڕووداو پاڵەوان و حیکایەتەکانی نوسەر کەوتوە. لە هەمانکاتدا وەسفی هەموو خاڵە پۆزەتیف و نێگەتیڤەکانی کۆمەڵگەکەی کردووە، هەربۆیە دەتوانم بڵێم کە نەجیب مەحفوز بە جوانترین و باشترین وێنەکێشی کۆمەڵگەی میسری دادەنرێت ،کە وەسفکی جوانی ساڵانی سی و چلەکانی شاری قاهیرەی بە کردوین.



هەروەها ئەو یەکەم کەس بووە کە زۆر نەترسانە باسی ژیانی ژنە لەشفرۆشەکانی کردووە. جگە لەوەش ژیانی هەژارو کەمدەرامەتی کردەتە بابەتی سەرەکی شاکارە مەزنەکانی. ئەو زیاتر لە پێنجەری قاهیرەوە جیهانی بینیوە لەبەر ئەوەی حەزی بە سەفەرو گەشت نەبوە و لە قاهیرە نەچەتە دەرەوە، بەڵام لە چەند بەرهەمێکدا هەوڵی داوە کەمێک باسی کەشکانی جیهان بکات ، بە نموونە لە چیرۆکی «فنجان شای »کۆلارێی هزری بە کەشکانی ئەو کاتەی جیهان هاویشتوە کە کەمێک کۆمایەتی قۆتنامی و ئەمریکی و عەرەبی و ،ئەمانی ،روسی تێدا بووە لەم چیرۆکەدا باسی «جەنگی قۆتنام و فۆلستین و جەنگی ساردی کردووە ».

نەجیب مەحفوز یەکێکە لە مانوس و ئەدیبە مەزنەکانی میسر و جیهان، یەکەمین نووسەری هەژمونیە کە بەشێوەیەکی بەرفراوان بەرهەمەکانی لە کتێبخانەکانی هەژاوا و جیهاندا بەاوبکرێتەوە. ئەو توانی لە رێگەی هەمان و چیرۆک و کورتە چیرۆکەکانیەوە کەمێک زانیاری لەبارەی هەژارەکانەوە بە جیهان بدات و بە زمانێکی ئاسان توانی گوزارشت لە کەشە ئالۆزکانی مرۆڤی هەژارەکانی بکات ،لەهەماکاتیشدا بەرگێکی ئەدەبی زۆر جوان بکاتە ئەو کەشانە و پیشانی جیهانی بدات.

